دژتیرۆری عێراق و سلێمانی سێ ئەندامی چەکدارانی داعش لەشاری سلێمانی دەستگیر دەکات

دەزگای دژە تیرۆری عێراق لە ڕاگەیاندراوەکدا بڵاویکردووتەوە، هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق لە پارێزگای سلێمانی بە هاوکاری دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دژە تیرۆری سلێمانی لە چالاکییەکدا توانیویانە سێ ئەندامی داعش دەستگیربکەن. بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی دیکە لەسەر ناسنامە و چالاکی ئەندامەکان بڵاوبکەنەوە.

سەرەتای ئەوەی چەند ساڵێکە چەکدارانی داعش لە عێراق و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هیچ شوێنکیان لەدەستدا نەماوە، بەڵام گەشە بەدوای چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە بەردەوامی هەیە و بەرپرسانی ئەمنیی عێراق و هەرێمی کوردستان دەڵێن شانەی نووستوویان هەشتا ماوە.